# لە پەراوێزی راپەڕینی گەلانی ئێراندا

## ئێران
## وەک یوگسلاڤیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست[1]

بورهان أ. یاسین

٢٠٢٢-١٠-٧

[1] بەشی هەرە زۆری ئەم باسە ماوەیەک بەر لە ئێستا نووسرا، ئامانجیش ئەوە بوو کە بابەتەکە لە کۆڕێکی کلەب هاوسدا، کە لە لایەن گرووپی (رادیۆ کوردستان) لە ٩-٦-٢٠٢٢ رێکخرابوو، پێشکەش بکرێ، کەچی نەکرا. بەڵام دواجار بابەتەکە بە میوانداری هەمان گرووپ لە ٥-١٠-٢٠٢٢ هەر لە کڵەبهاوس پێشکەشکرا.

# ناواخن

پێشەکی ---------------------------------------------------------------------------- ٣-٤
ئەم چرکەساتە -------------------------------------------------------------------- ٤-٧
رووداوەکانی ئێران ----------------------------------------------------------------- ٧-٩
ئێران وەک یوگسلاڤیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست -----------------------------------------١٠-١٢
ئەگەری روخانی رژێمی ئێران و سیناریۆکانی بەردەم رۆژهەڵاتی کوردستان -------- ١٢-١٥
فیدراڵی بۆ کوردستان، دیمۆکراسی بۆ ئێران: ئاستەنگ و رێگرییەکان ---------------- ١٥-٢٠
دەرەنجام ---------------------------------------------------------------------------- ٢٠-٢٢

## پێشەکی

ئەم بابەتە بە زەرورەت کاردانەوەیەکی راستەوخۆ نییە بەرامبەر هەندێک رووداوی هەنووکەیی، یا هەندێک رووداو کە لە ماوەی دوییدا روویانداوە، وەک بۆ نموونە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران و ماوەیەکیش پێش ئێستا کوژاندنەوەی کامیراکانی چاودێری دامەزراوە ناوەکییەکان بە پەیوەندی لەگەڵ چەقبەستوویی گفتوگۆکان دەربارەی رێککەوتنی ئەتۆمی و . . . هتد، ئەگەرچی ئەم رووداوانە بە یەکەوە دەتوانن تابلۆیەکمان دەربارەی هەندێک کێشەی بنەڕەتی سیستەمی سیاسی و دەوڵەتی ئێران پیشان بدەن.

ئەم بابەتە دەخوازێ ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان بخاتە پەیوەندییەکی **شاقولی** (عەمودی) لەگەڵ هەندێک رووداو، بەسەرهات و ئەزموونی پێشودا وە هەروەها پەیوەندییەکی **ئاسۆیی** لەگەڵ ئەو رووداو و ئەزموونانەی کە لە ئێستادا لە روودان و "ئافراندن" (in making)دان، یا رووداوگەلێک کە لە رابردوویەکی زۆر نزیکدا لە ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان روویانداوە، **بە رادەیەک نزیک کە دەکرێ وەکو بەشێک لە هەنووکە** تەماشا بکرێن. لەو ئەزموونانەشی کە یارمەتیدەرمان دەبن لەم بابەتەدا، بۆ فەراهەمکردنی تێگەیشتنێک و هەندێک سیناریۆ[2]، پێش هەر شتێک ئەزموونەکانی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و یۆگسلاڤیان. ئەزموونی عێراق و باشوری کوردستان لە دوای کۆتاییهاتنی رژێمی بەعس لە عێراق دیسان یارمەتیدەر دەبێت لە رەخساندنی هەندێک سیناریۆی پەیوەندیدار بە ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان، روو لە داهاتوو.

سەرەتا دەبێ بپرسین ئایا ئەوە چییە وا دەکات کە ئەم لەیەکچوونەی ئێران و یۆگسلاڤیا بکەین بە چوارچێوە و بنەمای گفتوگۆ دەربارەی ئێران؟ لەوەش گرنگتر: ئایا دەکرێ ئەم لەیەکچواندنە ئەوەندە گرنگ و گەوهەری بێت کە دواجار وامان لێ بکات کە نەک هەر بۆ چرکەساتی ئێستامان، بەڵکو بۆ داهاتووش یارمەتیدەر بێت بۆ دۆزینەوەی شێوازی هەرە لەبار بۆ تێگەیشتن لە ئێرانی دوای رژێمی ئایەتوڵلاکان و مامەڵەکردن لە تەکیدا؟

لە رووی مێتودییەوە، ئەم باسە زیاتر پشت بە سیناریۆ دەبەستی وەک مێتود. ئەم مێتودە لە بواری جیا جیادا بەکاردەبرێ، لەوانەش پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و زانستی سیاسی بە گشتی. لە رووی زانستییەوە، مێتودی سیناریۆ زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە بە کەڵکە کاتێک پرسیارەکان بە وشەی "ئەگەر هاتوو" یا راستتر بڵێین "چی دەبێت ئەگەر هاتوو" (what if) دەست پێ دەکەن. بە گشتی یەکێک لە بەهانەکانی بەکاربردنی مێتودی سیناریۆ، لە تیشک خستنە سەر پرسە

[2] جگە لەو مانایەی کە لەم باسەی بەردەستدا بە دەستەواژەی "سیناریۆ" دراوە، ئەم وشەیە زۆر جار لە گفتوگۆکان، لە فەزای گشتیدا، بە مانایەکی تەواو جیاواز بەکار دەبرێ. وشەی سیناریۆ لەم **مانا گشتییەدا** واتای "رووداوی دەستکرد یا دروستکراو" دەبەخشێ. هەر بۆ نموونە، ئێران پێویستی بە بەهانەیەکە بە توندی هێرشێکی کەمەرشکێن بکاتە سەر هەولێر، لەم حاڵەتەدا سەرەتا هەر ئێران خۆی هێرشێکی "دروستکراو، بەم مانایەش وەک سیناریۆ" دەکاتە سەر قونسلخانەکەی خۆی لە هەولێر، بەم رووداوەش بە ئاسانی "بەهانە و رەوایی" هێرشەکەی سەر هەولێر فەراهەم دەکات. ئەم مانایەش تەواو لەو مانایە جیاوازە کە لەم باسەی بەردەست بۆ سیناریۆ "وەک مێتودی لێکۆڵینەوە" بەکاربراوە.

جیاوازەکان، ئەوەیە کە سەرکردە و بڕیاربەدەستان، لە بواری جیا جیا، هان بدات بۆ ئەوەی بوێری ئەوەیان هەبێت ئەو پرسیارانە بکەن کە بە **ئەگەر** دەست پێ دەکەن.

بۆ خەملاندنی سیناریۆ بەرووی داهاتوودا، پێویستە دوو شت ئاوێتە و تێکهەڵکێشی یەکتر بکەین: یەکەمیان **رابردوو**، واتە ئەوەی لە رابردوو، واتە لە مێژوو، فێربووین، وە دووەمیان **ئاراستە** (trend)ی گۆڕانکارییەکان لە ئێستادا. ئەگەرچی لە ناو بیرمەند و کەسە شارەزاکانی بواری مێژوو و فەلسەفە بۆچوونی جیا جیا هەن دەربارەی سوودی وانەکانی مێژوو و شێوازی نزیکبوونەوەمان لێیان، بە مەبەستی ئەوەی بتوانین دەربارەی داهاتوو و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان تیایدا هەندێک سیناریۆ[3] بخەینە روو. بۆ نموونە هیگڵ و زۆرێک لە شارەزایانی بواری فەلسەفەی مێژوو دژ بە بیرۆکەی **دووبارەبوونەوەی مێژوو** دەوەستنەوە. هەروەها بیرمەند کارل پۆپەر پێی وایە بەکاربردنی مێژوو بۆ پێشبینی کردنی داهاتوو، واتە ئەوەی پۆپەر پێی دەبێژێ مێژووگەرایی (historicism)، لە رووی زانستییەوە، کارێکی نابەجێیە[4]. بە هەر حاڵ ئەوەی زۆر گرنگە جەخت بکرێتەوە ئەوەیە کە مێتودی سیناریۆ **نە دووبارەبوونەوەی مێژووەکەی هیگڵە وە نە بەکاربردنی کتومتی مێژووە**، بە مانای ئەو مێژووگەراییەی کە پۆپەر دەخوازێ گوزارەشتی لێ بکات.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە سیناریۆ، وەک مێتودی لێکۆڵینەوە، لە زۆر بواردا کاری زانستی بەکاردەبرێ وەک بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان، زانستی سیاسی، ئابووری و، بە تایبەتیش، هەواڵگیری. بە هەر حاڵ لە دوو بواری پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و زانستی سیاسەت هێشتان مێتودی سیناریۆ پێویستی بە جێگیربوون و دانپیانانی زانستییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مێتودە لە ئێستادا لە گەشەسەندن و جێگیربوونی بەردەوامدایە.

## ئەم چرکەساتە

لە ئێستادا لە جیهانی ئێمەدا کۆمەڵێک رووداو لەسەرپێن کە هەر یەکەیان بە جۆرێک پەیوەندیدارە بە کرۆکی بابەتی بەردەستەوە، هەندێک لەو رووداوانە راستەوخۆ پەیوەندیدارن بەڵام هەندێکیشیان ناڕاستەوخۆ:

---

[3] لێرەدا دەڵێم سیناریۆ وە ناڵێم "پێشبینی" وە بە ئاگادارییەوە جیاوازی لە نێوانیاندا دەکەم، ئەگەرچی لە گفتوگۆ گشتییەکاندا زۆرجار ئەم دوو وشەیە وەک هاوتای یەکتر بەکاردەبرێن. واتە بە واتا زانستییەکەی پێویستە جیاکارییەکی روون لە نێوان **پێشبینی** و **سیناریۆ** بکەین.

[4] مێژووگەرایی لە نووسراوەکانی پۆپەر خۆیدا وەک (historismus) بە ئەڵمانی، وە وەک (historism) یا (historicism) بە ئینگلیزی هاتووە. بە هەمان شێوە ئەوەی شارەزایان بەو دوو زمانە دەربارەی بیر و فەلسەفەی پۆپەر نووسیویانە هەمان چەمکیان بەکار بردووە. دەربارەی ئەم بابەتە بە تایبەتی بڕوانە: Alan Donagan, (1974), ”Popper's examination of historicism” in *The Philosophy of Karl Popper*, Paul Arther Schillp, (ed.), Illinois: The Library of Living Philosophers, Vol. II, pp. 905-932.

بە گشتی بڕوانە:

Karl Popper, (1957), *The Poverty of Historicism,* London and New York: Cox & Wyman Lt.

**١) لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران:** گیان لەدەستدانی کچە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان ژینا (مەهسا) ئەمینی لەژێر ئەشکەنجە نزیکەی سێ هەفتە بەر لە ئێستا، بە پەیوەندی لەگەڵ دەستگیرکردنی لە تەهرانی پایتەختی ئێران، بوو بە ئەو پریشکەی کە راپەڕینی کورستانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی دژی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە تەقاندەوە.

ئەگەر چی ئێمە لە ئێستادا نازانین ئایا ئەم راپەڕینە دەبێتە هۆی کەوتن و کۆتایی یەکجارەکی رژێمی ئێران، بەڵام ئەوەی هەر ئێستا گرنگە پەنجەی بخرێتە سەر ئەوەیە کە "**رۆخی**" کوردی بوو بە **ناوەندی** هەڵگیرسانی بزاوتێکی نارەزایی سەرتانسەری لە گشت ئێراندا. جگە لەوەش لە ماوەی ٤٣ ساڵی فەرمانڕەوایی رژێمی ئێراندا ئەمە یەکەم جارە نارەزایییەکان ئەو قەوارەیە لە رووی بەشداری شار و شارۆچکەکان و ناوچەکانی ئێران بە خۆوە ببینێ و یەکەم جاریشە بەم رادەیە لە جدییەت نارەزایەتییەکان لە سەرکەوتنی کۆتاییەوە نزیک ببنەوە. ئەمە گرنگیی خۆی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر ئەم رووداوانە لە داهاتودا بە کەوتنی رژێم تەواو ببن، ئەوا دەکرێ کوردستان لە رۆخێکی ستەملێکراو ببێتە ناوەندێکی گرنگ کە لەوێوە گۆرانی مێژووی ئێران دەست پێ دەکات؛ یا هەرنەبێ ئەم رووداوانە هەر زوو بوونەتە هۆی ئەوەی کە رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازێکی تازەوە بکەوێتە سەر نەخشەی جوگرافیای سیاسی ئێران؛ تەنانەت دەشکرێ ئەم رووداوە ببێتە هۆی ئەوەی کە لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە خوێندنەوەیەکی جیاوازتر بۆ پێگە و جێگەی کورد لە ئێران بکرێ، هەر وەک چۆن پێشتر بە هۆی چەند رووداو و پێداوێکەوە گۆڕانکاری لە جێگە و پێگەی نێودەوڵەتی کوردانی رۆژئاوا و باشوری کوردستاندا روویداوە، کە هەڵبەتە گرنگترینییان شەڕی داعشە!

**٢) لەسەر ئاستی جیهانی:** ئەم چرکەساتە کاتێکی گەوهەری و گرنگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. دەکرێ بۆ ئەم چرکەساتە زۆر رووداو بکەینە ناوەڕاست و چەقی رەوتی مێژوویی، بەڵام بە بۆچوونی من شەڕ لەسەر چارەنووسی ئۆکراینا رووداوی هەرە چارەنووسسازە:

أ) ئەم شەڕە تەنها لەسەر چارەنووسی ئۆکراینا نییە، بەڵکو شەڕ و ململانێیە لەسەر شێوازی لەقاڵبدانی، یا راستتر بڵێین **لەقاڵبدانەوەی**، سیستەمی (نەزمی) نوێی جیهانی.

هەر زوو لەگەڵ شەڕی کوەیت، رێک لە ١٣ی سێپتێمبەری ١٩٩٠، جۆرج بوشی باوک باسی ئەوەی کرد کە جیهان بووە بە خاوەنی سیستمێکی نوێی جیهانی. ئەو کاتە جۆرج بوشی باوک، وەک زۆرێکیش لە ئەمریکییەکان لەگەڵ بوشدا، خۆشبین بوون بەوەی کە ئەمریکا جلەوی **سەرکردایەتی** کردنی سیستەمە جیهانییەکەی لە دەستدایە و هەر خۆیشی **ئەندازیاری** سیستەمەکەیە. لەبەرامبەردا، بۆ نموونە، بۆچوونی هێنری کیسینجەر ئەو کاتە ئەوەبوو کە باشتر وایە ئەمریکا **هەوڵ نەدات سیستەمێکی تاک-جەمسەری دامەزرێنێت**، بەڵکو باشترە هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ **سیستمێکی فرەجەمسەر ئامادە بکات**. لە ساڵی ١٩٩٢ لە باسێکمدا بە ناوی **کوردستان لە سیستەمی نوێی جیهانیدا** بۆچوونێکم پیادە کرد ئەویش ئەوە بوو کە زۆر زووە باس لە سیستەمێکی نوێی جیهانی دامەزراو و جێگیر بکەین، بەڵکو راستتر وایە باس لە ماوەیەکی دور و درێژ بکەین تا دەگەینە سیستمێکی جێگیر و دامەزراو. . .

ئەمڕۆ، دوای ٣٢ ساڵ لە ڕاگەیاندنی سیستمی نوێی جیهانی لە لایەن بوشی باوکەوە، ئەوا جارێکی تر دەبینین کە لە دوو ئاراستەدا ململانێ لەسەر سیستمی نوێی جیهانی گەرمە، یەکێکیان ململانێی چین و ئەمریکایە، ئەوەی دیکەشیان ململانێی جیهانی ڕۆژئاوا و ڕوسیایە لەسەر (بە ڕواڵەت چارەنووسی ئۆکراینا)، بەڵام لە ڕاستیدا ململانێ ڕاستەقینەکە لەسەر **لەقاڵبدانەوەی هاوسەنگی هێز و بەرژەوەندییە گەوهەرییەکانە** لە ئاستێکی هەرە باڵاو جیهانیی فراواندا. لەو لەقاڵبدانەدا کۆی چەمکی سیستمی نوێی جیهانی چەمکی ناوەندی و گەوهەرییە. بە تایبەتی پۆتین ئەوەی نەشاردۆتەوە کە ئامانجێکی گرنگی ڕوسیا **زامنکردنی جێگە و پێگەی شایستەیە بۆ ڕوسیا لە سیستمی نوێی جیهانیدا**.

لەم بارەیەوە دەبێ بە جەختکردنەوەوە بڵێین کە چۆن لە دوای جەنگی کوێیتەوە باشوری کوردستان بە شێوەیەک لە شێوەکان وەبەر لە قاڵبدانەوەی سیستمی جیهانی کەوت، ئەم جارەش کورد بە گشتی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی ئەو لەقاڵبدانەوەیەی سیستمی جیهانی کە لە ئێستادا لەسەر پێیە، بەڵام ئێمە لە ئێستاوە، بە دڵنیاییەکی بڕاوبڕەوە نازانین ئەم کاریگەرییانە چەند و چۆن دەبن. بە هەر حاڵ، ئەوەی کە لێی دڵنیاین ئەوەیە کە، بە ئەگەری زۆر، ئێران لە زیاتر لە ئاست و ڕەهەندێکەوە، لەو ڕێگایەشەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی **ئەم لەقاڵبدانەوەیە**، کە هەڵبەتە لە ئێستادا لەسەر پێیە، بەڵام هێشتان کۆتاییەکەیمان نەبینیوە؛

ب) ئەوانەی هەر لە سەرەتای ١٩٩٠کانەوە بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئیتر ڕۆڵی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت نەتەوە کۆتایی هاتووە، زۆر هەڵە بوون: شەڕی ئۆکراینا بە شێوەیەکی جددی ڕۆحێکی نوێی کردۆتەوە بەر ناسیۆنالیزم و پاتریۆتیزم وە لەگەڵیشیاندا دەوڵەتی تێریتۆریاڵ. ئەمە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە لە جیهانی ڕۆژئاواش تەوژمێکی پۆپیولیستی، بە ئاراستە ڕاستڕەو و بە جەختکرنەوەش ناسیۆنالیست، ڕۆژ دوای ڕۆژ لە گەشەسەندندایە؛

بەڵام لەولاشەوە ئەم بۆچوون یا ئەرگیومێنتە، **واتە بەهێزبوونەوەی ناسیۆنالیزم و بەرگری لە سەروەریی نیشتمانی و دەوڵەتی تێریتۆریاڵ**، نابێ تەنها ببێتە جێگای خۆشحاڵی نەتەوەخوازانی نەتەوە ژێر دەستەکان، بەڵکو ئەو ناسیۆنالیزمەی کە لە شەڕی ئۆکراینادا خۆی دەنوێنێ دوو جۆرە، یەکێکیان هێرشبەر و داگیرکارە (واتە ناسیۆنالیزمی ڕوسی)یە وە ئەوی دیکەشیان خۆپارێز و بەرگریکارە (واتە ناسیۆنالیزمی ئۆکراینی)یە. . . ئەوەی زۆر گرنگە بیڵێین ئەوەیە ئەم حاڵەتی دوانەیی و دوالیزمە لە بەهێزبوونەوەی ناسیۆنالیزم، لە جوگرافیای ململانێی ئۆکراینادا کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەم دیاردەیە دەبێتە دیاردەیەکی جیهانی و بە ئەگەری زۆر لە داهاتووشدا دەبێتە خەسڵەتی هەندێک ململانێی ناوچەیی و جیهانی تریش؛

ج) هەر زوو دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد دەنگێکی گرنگ بەرزبوویەوە کە بە خۆشبینییەکی زۆرەوە پێی وابوو **ئیتر لیبرالیزم سەرکەوت**. ئەمە بە تایبەتی دەنگی بیرمەندی ئەمریکی، بە ڕەچەڵەک یابانی، فرانسیز فۆکۆیاما بوو لە کتێبی "کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ"، لە ١٩٩٢. . . هەڵبەتە دواتر ئەم بۆچوونەی فۆکۆیاما گۆڕانکاری بەسەردا هات، بە حەددی پەشیمانبوونەوە. ئەوەتا هەر خۆی لە ژمارەی ئەپریلی ئەم ساڵی گۆڤاری (Foreign Affairs)دا داوا لە

دەسەڵاتدارانی جیهانی ڕۆژئاوا دەكات كە بگەڕێنەوە سەر جەختكردنەوە لە دەوڵەت–نەتەوە و پاتریۆتیزم؛

د) لە گفتوگۆ گشتییەكاندا، هەر بە پەیوەندی لەگەڵ خەسڵەتە گەوهەرییەكانی ململانێی ئۆكرایینا، باسی گەڕانەوەی "**جیۆپۆلۆتیک**"، وەک پێوەر و بەهای هەرە گرنگ لە پەیوەدنییە نێودەوڵەتییەكان، دەكرێ. گەڕانەوەی جیۆپۆلیتیک بە مانای باڵادەستبوونەوەی **دیدگای ریالیستی** لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، بە واتای باڵادەستیی بەرژەوەندی و هێز و قودرەتی دەوڵەتان لە زامنكردنی ئاسایشی نیشتمانی خۆیان. هەروەها ئەم گەڕانەوەی جیۆپۆلیتیكە بە مانای **جێگا لەقكردن بە دیدگا و بیردۆزی لیبرالیزم** لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، ئەمەش بە واتای كزبوونی ڕۆڵی بەها و نۆرمە گەردوونی و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان دێت. زاڵبوونی جیۆپۆلیتیک لە چركەساتی ئێمەدا هەستی پێ دەكرێ، بەڵام ئەم "گەڕانەوەیە" هەر لە ئێستادا كۆتایی نایەت بەڵكو بە ئەگەری زۆر ئەم گەڕانەوەیە هاتووە تا بۆ ماوەیەكی باش لە پێشمانەوە بمێنێتەوە؛

## ڕووداوەكانی ئێران

لەم بەشەدا بە چەند خاڵێک هەوڵ دەدەم بە گشتی تیشک بخەمە سەر ڕووداوەكانی هەرە دوایی ئێران، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەم بچمە ناو وردەكارییەكانی:

١– فراوانبوونی خۆپیشاندانەكان هێشتان، بە هەر حاڵ لە ئێستادا، نەگەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی كە ڕاستەوخۆ ببن بە مەترسی یەكلاكەرەوە لەسەر ئاسایشی ڕژێم. ڕاستییەكی گرنگ ئەوەیە كە دەسەڵاتی ناوەندی لە تەهران لە ڕۆخەكانەوە ناڕوخێ؛ كەواتە تا خۆپیشاندانی بەرفراوان لە تەهرانی پایتەخت ڕوونەدەن، ئەستەمە بتوانین باس، هەڵبەتە لە ڕێگای خۆپیشاندانەوە، لە یەكلابوونەوەی چارەنووسی ڕژێم بكەین؛

٢– ڕەهەندێكی گرنگی ئەم ڕووداوانە ئەوەیە كە فرەچەشنی و فرەڕەنگی **ئێتنی** و **نەتەوەیی** تا ڕادەیەک ڕەنگی داوەتەوە لە ڕووداوەكاندا، بەڵام هێشتان زووە باس لەوە بكەین كە زۆرینەی ئەم ئێتنییە و نەتەوانە لە خەباتێكی مەدەنیانەی ئاراستەكراو وە بە شێوەیەكی یەكلاكەرەوە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. لەم بارەیەوە هەڵوێستی ئازەرییەكان دەكرێ یەكلاكەرەوە بێت، چونكە ئازەرییەكان، جیا لە كورد، عەرەب و بەلوچ، بەشێكی زۆر گرنگ لە دەسەڵات و قودرەتی ئابووری، لەشكری و بیرۆكراتی ڕژێم پێكدەهێنن. دەكرێ ئەم جیاوازییە بۆ چركەساتی یەكلاكەرەوەش زۆر گرنگ بێت؛

٣– ئەگەر چی ئەستەمە كەس بە شێوەیەكی براوبڕ بتوانێ پێشبینی ڕووداوەكانی داهاتو بكا، بە تایبەتی چارەنووسی ڕژێم، بەڵام ئێمە هەر نەبێ دەتوانین باس لە ئەگەر و سیناریۆكان بكەین.

بۆ باسكردنیش لە ئەگەر و سیناریۆكان دەكرێ، یا ڕاستتر بڵێین پێویستە، ئاگاداریمان لە مێژووی سەد ساڵی دوایی (واتە لە سەرەتای بیستەكانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا) یارمەتیدەرمان بێت. . هەروەها ڕووداوەكانی جیهان لە سی و دوو ساڵی ڕابردوودا، هەر لە هەڵوەشانەوەی

یەکێتی سۆڤیەت و یۆگسلاڤیای پێشوو تا دەگاتە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و ئەزموونی عێراق لە فیدراڵیزم، دیسان یارمەتیدەرن.

لەم رووەوە، دەکرێ هەر زوو بڵێین لە دۆخی ئێستای ئێراندا لەیەکچوونێک دەکرێ (هەڵبەتە لە هەندێک رووەوە) ببینرێ لە نێوان دۆخی سۆڤیەت لە دوا ساڵ و ڕۆژەکانیدا وە ئێران لە ساڵانی دوایی و ئێستادا. لەم بەراوردەدا سێ خاڵ گرنگ و گەوهەرین:

١) **ئەفغانستان وەک کێشە**: دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٧٩، ئەم داگیرکارییە بوو بە بارگرانییەکی زۆر بۆ ئەو وڵاتە، بە رادەیەک کە زۆرێک لە شارەزایان پێیان وایە کە یەکەیتی سۆڤیەت لەژێر ئەم بارە گرانەدا داتەپی. لە لایەکی ترەوە، ئەمڕۆ ئێران لە بری یەک دانە ئەفغانستان ٤ یا ٥ دانە ئەفغانستانی[5] هەیە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە یەکێک لە رەهەندەکانی رۆڵی ناوچەیی ئێران ئەوەیە کە تێچووی ئابووری و ئەو باجە سیاسی و دیپلۆماسی ئێران تا ئێستا، بۆ پاراستنی ئەو ٤ یا ٥ ئەفغانستانە، داویەتی یەکجار زۆر بووە. زۆر بە کورتی و بە چڕی، ئەم رۆڵە ناوچەییەی ئێران وایکردووە کە دژایەتییەکی زۆر گەوهەری لەو رۆڵەی ئێراندا دەرکەوێ: لە لایەکەوە ئێران دەوڵەتێکی مۆدێرنە بە **خاک** و **سەروەری** و **دانیشتوانی** دیارکراوەوە، کەچی لە لایەکی دیکەوە ئەو وڵاتە وەک ئیمپراتۆریەت[6] هەڵسوکەوت دەکات. ئەوەی کە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دەیکات جێبەجێکردنی خەونێکی ئیمپراتۆرییە نەک جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەوڵەتێکی مۆدێرن روو لە سەروەی و خاک و دانیشتوانە دیارکراوەکەی. بە باوەڕی من لە داهاتوودا، زوو یا درەنگ، ئێران دەبێتە قوربانی ئەم هەمووە لە حەزی فرانخوازی و هەژموونخوازییە: ئێران بووەتە ئەسیری حاڵەتی زهنییەت و وەهمی ئیمپراتۆریبوون، هەر ئەو ئەسیربوونەشە **ناوەوە** و **دەرەوەی** پڕ کێشە و قەیرانی ئێران بە یەکەوە دەبستێتەوە: ئاخر گرنگە ئێمە تێبینی ئەوە بکەین کە لە خۆپیشاندانەکانی پێشتردا (کەم یا زۆر بەر لە دوو ساڵ) دەنگی ناڕەزایی خۆپیشاندەران ئەو گوزارەشە بوو کە دەیوت: ئێمە ئێرانییەکان لە "ناوەوە" برسیین بەڵام ئێوەی دەسەڵاتدار لە سوریا و لوبنان ملیارەها خەرج دەکەن لە پشتگیری ئەسەد و حیزبوڵڵا. . .! پێشتر رۆڵی ئێران وەک فراوانخواز و هەژموونگەرا وەک نیشانەی هێز و قودرەتی ئەو وڵاتە دەردەکەوت، بەڵام دواجار هەر ئەم فراوانخوازییە بوو بە هۆی کەڵەکەبوونی کێشەی جیا جیا بەرەورووی ئێران[7]. دواجار دەرکەوت، هەر وەک مێژوونووسی بواری دەوڵەتی عوسمانی و تورکیا ئێریک زەرشەر دەڵێ، فروانبوون و

---

[5] لێرەدا دەستەواژەی ٤ یا ٥ ئەفگانستان لە حاڵەتی ئێراندا وەک مێتافۆڕ بەکار دێت بۆ ئەو وڵاتانەی کە ئێران، بە شێوەیەک یا شێوەیەکی دیکە، حزورێکی بەهێزی تیایاندا هەیە، وەک لوبنان، سوریا، یەمەن، عێراق و تا رادەیەکیش فەلەستین (هەڵبەتە لە رێگای یارمەتیدانی حەماسەوە).

[6] مەبەست لە ئیمپراتۆریەت **زیاتر** ئەو یەکە سیاسیەیە کە لە ناوچە و میللەتی جیا جیا پێک دێت وە لە ئاکامی فراوانخوازی و داگیرکاری، لە رێگەی دەستبەسەردا گرتنی ناوچە رۆخەکان لە لایەن ناوەندێکی بەهێزەوە، دێتە کایەوە.

https://en.wikipedia.org/wiki/Empire٢٠٢٢-١٠-٣ دەستگەیشتن



[7] بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: د. بورهان یاسین، "پێویستە کورد خواستی زیندوکردنەوەی هەردو ئیمپراتۆریەتی شیعیزمی ئێرانی و عوسمانی نوێ بەهەند وەرگرێ"، (دیمانە، ١٨-١-٢٠٢١)، لە پێگەی *ئاوێنە:*
https://www.awene.com/detail?article=41590 دەستگەیشتن ٧-١٠-٢٠٢٢

فراوانخوازی ئیمپراتۆریەت، لە سەرەتادا، وەک هێمای سەرکەوتن و هێز دەردەکەوێ، بەڵام دواتر هەر هەمان ئەو فراوانبوونە دەبێتە "کارخانەی بەرهەمهێنانی شکست، پاشەکشێ و لەناوچوون"[8]؛

٢) **گرفتە ئابووریەکان**: گرفتە ئابوورییەکانی سۆڤیەت لە ١٩٨٠کانی سەدەی پێشودا بە پلەی یەکەم بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت بوو، بەڵام ئابووری پڕ قەیرانی ئێستای ئێران بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانە، لەوانەش کۆسپ دروسستکردن بۆ هەنارەی نەوتەکەی بۆ بازاڕەکانی جیهان بەو شێوەیەی کە دەخوازێ؛

٣) **بەرنامەی ئەتۆمی ئێران**: بەرنامەی ڕۆناڵد ڕیگن، هی بە ناو **جەنگی ئەستێرەکان** لە ١٩٨٠کاندا، بووە هۆی دروستبوونی بارگرانی لەسەر ئابووری یەکێتی سۆڤیەت[9]. سۆڤەیەت لەو "جەنگەدا" کەوتە بەردەم دوو ڕێگا هەر یەکەیان لەوەی دیکە پڕ کێشەتر بوو: یا ئەوەتا ڕازی بێت ئابووریی وڵات بخاتە ژێر قورسایی بەرنامەی پڕ چەککردنی زیاتر و پێشخستنی سیستمی بەرگری پێشکەوتوو، یا ئەوەتا دان بەوەدا بنێ کە ئیتر یەکێتی سۆڤەیت تا ئێرە و بەس، کەواتە چیتر سۆڤیەت توانای ڕکابەری ئەمریکای لە بواری پرۆگرامی جەنگی ئەستێرەکان نییە: لە توانای ئابووریی ئەو وڵاتەدا نییە خۆی بخاتە ناو هاوکێشەی جەنگی ئەستێرەکان بە مەبەستی پاراستنی هاوسەنگی هێز لە بەرامبەر ئەمریکا و ناتۆدا.

بە تایبەتی لە ساڵانی دواییدا، پرۆگرامی ناوەکی و هەوڵدان بۆ بەدەستخستنی چەکی ئەتۆمی (هەستەیی) بووە بە بارگرانابیەکی زۆر گەورە بۆ ئێران بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە، بەڵام لە ڕووی دیپلۆماسی و سیاسیشەوە ئەم وڵاتە توشی گرفتی گەورە بووە، بە تایبەتی گەمارۆ و سزا ئابوورییەکان.

جگە لەوەش ئەم بەرنامەیە ئێرانی خستۆتە **حاڵەتی ململانێی سەربازی و هەواڵگیری لەگەڵ یەکێک لە بەهێزترین دەوڵەتانی ناوچە**، واتە ئیسرائیل. هەڵبەتە ڕەهەندێکی گرنگی کێشەکە ئاسایشی نیشتمانیی ئیسرائیلە کە لە یەک دوو ساڵی دواییدا، بە تایبەتیتر لە ماوەی کورتی دواییدا، ئەو وڵاتە بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە چیتر چاوەڕانی ئێران ناکات بۆ ئەوەی، لە دوورەوە بە وەکالەت و بە هەڕەشەی چەکی دوورمەودا و کۆمەڵکوژ، هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات، بەڵکو ئیسرائیل ئیتر –بە قسەی ئیسرائیلییەکان- چیتر جەنگ دەباتە ناو ئێران. ئەم "جەنگە" تا ئێستا لە ئاستی گەمە و ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکاندا بووە، بەڵام دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیک یا مامناوەندیدا ئەم شەڕە "لە ناوماڵی ئێرانییەکاندا" شکڵ و قەبارەی جیاوازتر وەرگرێ! بە هەر حاڵ، ئەگەر ئەم پێشوەچوونە بەردەوامی هەبێت و ئێران مل نەدات بۆ ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا، ئەوا شەڕێکی ئەوها دەکرێ ببێتە پاڵنەر بۆ زۆر پێشوەچوونی دیکە، کە هەرگیز لە بەرژەوەندی ئێراندا نابن.

ئەوەی کە پێویستە جەختبکرێتەوە لە بەراوردکردنی ئێران بە یەکێتی سۆڤیەت ئەوەیە کە جگە لەوەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بارگرانایی خستۆتە سەر ئابووری ئێران، بەڵام لەولاشەوە

---

[8] Erik Zürcher, *Turkey: a Modern History,* 2004, p. 15.

[9] یەکێک لە تیورییەکان، دەربارەی داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرنامەی "جەنگی ئەستێرەکان" هۆی سەرەکی داڕمانەکە بوو.

بووەتە هۆی تەنگپێهەڵچنین (containment) لە لایەن جیهانی رۆژئاواوە، زۆر بە تایبەتی لە لایەن ئەمریکاوە، دژ بە ئێران.

## ئێران وەک یوگسلاڤیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سەرەتا دەکرێ لە رووی **مێژووییەوە** ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین کە تیایاندا لە پرۆسە مێژووییەکان، بە تایبەتی لە سەد ساڵی دواییدا، لەیەکچوونێکی زۆر لە نێوان رەوتی مێژوویی ئێران و یوگسلاڤیادا هەیە. ئەم دوو وڵاتە هەردووکیان دوو دەوڵەتی "مۆدێرنن" کە تەمەنیان لە، کەم یا زۆر، سەد ساڵ تێپەڕ ناکات، هەردووکیشیان لە وەرچەرخانی کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دەست بە پرۆسەی بوون بە دەوڵەتی مۆدێرن دەکەن. سەرەتا یوگسلاڤیا وەک مەملەکەتی سیرب، کروات و سلۆڤێنییەکان لە ١٩١٨ هاتە بوونەوە، دواتر ئەم مەملەکەتە لە ساڵی ١٩٤٦ بوو بە **کۆماری یوگسلاڤیای فیدراڵی گەلان**. لە بەرامبەردا ئێران وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن و شانشینی خانەوادەی پەهلەوییەکان، وە رەزا شا وەک شای ئەو دەوڵەتە، لە ساڵی ١٩٢٥ هاتە بوونەوە. ئەم وڵاتە لە سەرەتای ١٩٣٠کان بە شێوەیەکی رەسمی ناوی ئێرانی لێنرا.

**لە رووی فرەنەتەوەییبوونەوە**، کە ئەمەش گرنگترین خاڵی بەراوردکاریەکەیە، یوگسلاڤیا تا سەرەتای ١٩٩٠کان وەک فرەنەتەوەترین وڵاتانی ئەورووپا دەرکەوت. ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە کە یوگسلاڤیا لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە دوانەی **فیدراڵیزم و کۆمیونیزمی** تاقیکردەوە (یەکەمیان وەک چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی وە دووهەمیشیان وەک تەرتیباتێکی ئیداری و سیاسی) بۆ ئەوەی وەک وڵاتێکی یەکبوو و یەکگرتوو بمێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشانەوەی بلۆک و سیستمی سۆسیالیستی، ئیتر یۆگسلاڤیاش چووە دۆخی ناجێگیری و دواتریش دووچاری هەڵوەشانەوەی بە تەواوەتی بوویەوە. ئەگەرچی ئەم هەڵوەشانەوەیە بە رەزامەندی وڵاتانی رۆژئاوا، بە تایبەتی ئەمریکا، نەبوو، بەڵام دواجار دینامیزم و پاڵنەرە ناوخۆییەکان هەڵوەشانەوەی ئەم وڵاتەیان کرد بە راستییەکی حاشاهەڵنەگر. هەڵبەتە دەبێ بگوترێ کە گرنگترینی ئەم دینامیزم و پاڵنەرانەش بوونی حاڵەتی فرەنەتەوەییبوون و خواستی بەهێزی نەتەوە جیا جیاکان بوو بۆ رزگاربوون لە باڵادەستی و هەژموونی سیربەکان، وە لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بە هەر نەتەوەیەک.

لە بەرامبەردا ئێران بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو فرەنەتەوەترین وڵاتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. ئەوەی کە فرەنەتەوەبوونی ئەو وڵاتە دەکات بە پێدراوێکی زۆر گرنگ، بە تایبەتی لە ئەگەری کەوتنی رژێم و هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی، هەر وەک لە عێراق لە ٢٠٠٣ روویدا، ئەوەیە کە:

١- هەرنەبێ چوار دانە لە میللەتانی ئێران قوڵایی ئیتنیان لەگەڵ دەرەوەی ئێران هەیە: ئەهواز (خۆزستان) لەگەڵ جیهانی عەرەبی؛ بەلوچستان لەگەڵ پارچەکانی تری بەلوچستان؛ کورد لەگەڵ کوردستانی گەورە، بە تایبەتی و راستەوخۆ لە رووی جوگرافی و سیاسییەوە لەگەڵ باشور و

باکوری کوردستان؛ ئازەرییەکان لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان (پێشتر ئازەربایجانی سۆڤیەتی). لە هەر چوار حاڵەتیشدا خواست و خەونی یەکگرتنەوە لەگەڵ دەرەوەی خۆیان، هەڵبەتە بە ئەندازەی جیا جیا، بوونی هەیە؛

٢- مێژووی ئێران ئەوەمان پێدەڵێ کە بەردەوام یەکێک لە کێشەکانی دەسەڵاتی سیاسی ناوەندی، بە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمەکان واتە لەگەڵ ناوچە رۆخییەکان (لە چوارچێوەی تیوری ناوەند و رۆخ)دا، هەر لە زەمانی سەفەوییەکان و دەسەڵاتی قاجارییەکانەوە سیفەتێکی سەرەکی سیستمی سیاسی بووە لە ئێران. رەزا شا هەوڵی زۆریدا بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمە رۆخییەکانەدا، بە تایبەتی لە رێگای هێڵی ستراتیژی شەمەندەفەر لە کەنداوی فارسەوە بۆ سنووری یەکێتی سۆڤیەت و بەستنەوەی رۆخەکان بە تەهرانەوە. بە گشتیش، لە رێگای پرۆژەی مۆدێرنیزەکردنی ئێرانەوە، رەزا شا هەوڵی زۆریدا بۆ ئەوەی نەتەوەیەکی تۆکمە "ئێرانی" لەو هەموو نەتەوانەی ئێران پێکبهێنێ. لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە شای ئێران پەنای بۆ تێزی **ئاریانیزم** برد وە لەم چوارچێوەیەشدا ناوی وڵاتەکەی لە فارسەوە گۆڕی بۆ ئێران. بەڵام هەوڵەکانی رەزا شا دیسان بە شێوەیەکی براوبڕ سەرکەوتوو نەبوون، چوونکە وەک زانراوە، کێشەی هەژمۆنی ناوەند بەسەر رۆخەکاندا (یا با بڵێین هەرێمەکاندا) یەکسەر دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرهەڵدانی سەرەتا هەرە زووەکانی جەنگی سارد بە جوانی دەرکەوت، کاتێک هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان یەک لە دوای یەک دامەزران؛

٣- **لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە**، لە سەد ساڵی رابردوودا ئێران دوو جۆرە شوناس و چوارچێوەی هزریی بۆ لەقاڵبدان، یا ئەوەی پێی دەگوترێ **رێکخستنی فەزای کۆمەڵایەتی**، بۆ بەرهەمهێنانی "نەتەوەی" ئێران تاقیکردۆتەوە، یەکەمیان **ئاریانیزم** وە ئەوەی دووەمیان **شیعیزم**. هەڵبەتە ئەوەی دووەمیان تەنها ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژی دینیی نییە بەڵکو زیاتر دەربڕی **ناسیۆنالیزمێکی دینییە**، کە هێشتان فارس کرۆک و هەڵگری ئەم ناسیۆنالیزمەن. بەڵام دیارە هەردوو ئاراستە ئایدیۆلۆژییەکە سەرکەوتوو نەبوون، هی یەکەمیان بە کۆتایی فەرمانرەوایی رژێمیماڵباتی پەهلەوییەکان کۆتاییهات، دووەمیشیان بەردەوام لە قەیران و کێشەی بونیادی جددیدا بووە. لە ئێستادا شیعیزم وەک ئامرازی رێکخستنی فەزای دەوڵەت لە قەیرانێکی قوڵ و لەژێر تاقیکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوەدایە؛

٤- دەکرا ئەو دەستور (یا راستتر بڵێین، قانونی ئەساسی)یەی کە لە کاتی شۆڕشی دەستوری (مەشروتە ١٩٠٦-١٩١١) نووسرایەوە، بکرێ بە بنەما بۆ رێکخستنی ئێران لەسەر شێوازێک لە سیستمی "فیدراڵی" ئەوەش بە پێی پەنابردن بۆ ئەو بەندەی دەستور کە باسی لە **ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی هەرێمەکان** (ئوستانەکان) دەکرد. لە راستیدا لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، لێرە و لەوێ، پەنا بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەندە دەبرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد وە هەرێمەکان بە گشتی، بەڵام لە رووی کردارییەوە ئەم هەوڵانە هیچییان لێ شین نەبوو.

## ئەگەری روخانی رژێمی ئێران و سیناریۆکانی بەردەم رۆژهەڵاتی کوردستان

سەرەتا دەبێ بە جەختکردنەوەوە ئەوە بڵێین کە لە ٤٣ ساڵی رابردوودا، کە تیایدا ئاخوندەکان فەرمانڕەوایی ئێرانیان کردووە، هیچ جار بە قەد ئێستا هەست بە نزیکبوونەوەی ئەگەری روخانی رژێم نەکراوە. لە ئەمڕۆدا جگە لەوەی کە یەکەم جارە نارەزاییەتییەکان ئەوەندە ماوەیە بەردەوامە و بەو فراوانییە و بەم فرەنەتەوەییبوونە نارەزایەتییەکان دەربڕاون. لە ئێستادا یەکێک لە گریمانە و سیناریۆکان ئەوەیە کە دەوڵەتی هاوتەریب (parallel state)[10] خەریکە تووشی پەرتبوون و لێکترازان دەبێت. دیارە مەبەستیش لە دەوڵەت و سیستەمی هاوتەریبی ئێران ئەوەیە کە دوو "دەوڵەت" و دوو دەسەڵات و ئاراستە لە یەک دەوڵەتدا کۆبوونەتەوە، دەوڵەتێکیان پێی دەگوترێ دەوڵەتی تەقلیدی، واتە دەوڵەتی دامەزراوە نەریتی (تەقلیدی)یەکان وە دەوڵەتی شۆڕشگێر، واتە دەوڵەتی دامەزراوە شۆڕشگێرییەکانە: گرنگترین دامەزراوەی دەوڵەتی یەکەمیان دامەزراوەی هێزی سوپایە، بەڵام هی دووەمیان هی دامەزراوەی پاسدارانە، کە راستەوخۆ لە ژێر سەرپەرشتی رێبەری رۆحیدایە، کە ئێستا عەلی خامەنیئییە. لێکترازانەکەش دەکرێ بەو شێوەیە بێت کە سوپا، یا هەر نەبێ بەشێک لە سوپا، وەک دامەزراوەیەکی دەوڵەتی تەقلیدی لە قۆناغی داهاتوودا بێلایەنی خۆی رابگەیەنێ یا تەنانەت لە قۆناغێکدا لایەنگری خۆی بۆ راپەڕینی گەلانی ئێران رابگەیەنێ.

بە هەر حاڵ دارمانی گریمانەیی دەوڵەتی ئێران دەکرێ بخرێتە قاڵبی مێژوویکەوە کە لە ئێستادا لە ئافراندن و دروستکردندایە، بەم شێوەیەش تێگەیشتنێکی فرەرەهەندی بۆ بکرێت. تێگەیشتنێکی ئەوهاش دەکرێ بە چەند خاڵێک، وەک تێگەیشتن بە مێتودی سیناریۆ، باسی لێوە بکەین:

١) **لە رووی سیستەمی جیهانییەوە**: زۆر گرنگە بە جەختکردنەوە ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا لە رووی سیستەمی جیهانی و ژینگە و دۆخی باڵادەست لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەم روخان و دارمانە لە چ دۆخێکدا روودەدات؟ لەم رووەوە دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئەم رووداوە **لە دۆخێکی زۆر ناجێگیری نێودەوڵەتیدا روودەدات**، دۆخێک کە تیایدا کۆمەڵێک کێشە وڵاتانی جیهانیان بە خۆوە سەرقاڵ کردووە، لە پێش هەموشیانەوە جەنگی ئۆکراینا و ململانێ لەسەر سیستەمی نوێی جیهانی. لەم بارەیەوە دەکرێ گریمانەی ئەوە بهێنینە پێشەوە کە هەر داڕوخان و دارمانێکی رژێم لە ئێران دەکرێ هەر زوو ببێتە بەشێک لەو حاڵەتی فەوزا و نارِوونی و ناجێگیرییەی کە لە سیستەمی جیهانیدا بەدیدەکرێ. یەکێک لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی ئەم چرەکەساتەش ئەوەیە کە ئەم دارمانە بە پێچەوانەی حاڵەتی عێراق و یوگسلاڤیا، کە لە حاڵەتی هەردوو ئەزموونەکەدا جۆرێک لە سیستم لە ئارادا بوو کە تیایدا ئەمریکا، لەگەڵیشیدا ناتۆ، باڵادەست بوون. بەڵام لە

[10] بۆ لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ دەربارەی ئێرانی ئیسلامی وەک **دەوڵەتی** هاوتەریب بڕوانە:
Arang Keshavarzian , (2005) "Contestation Without Democracy: Elite Fragmentation in Iran," in Marsha Pripstein Posusney & Michele Penner Angrist (eds.): "*Authoritarianism in the Middle East – Regimes and Resistance*". (London, Lynne Rienner Publishers).

ئێستادا دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە چیتر **ئەمریکا ئەو زلهێزە باڵادەستە و بێ رکابەرە نییە**[11]. هەر وەها ئەم دارمانە لە کاتێکدا روو دەدات کە چیتر روسیا، بەرامبەر رووداوە جیهانییەکان و پێشوەچوونەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێلایەن و دەستەوەستان نییە. ئەزموونە مێژووییەکانی سەد ساڵی رابردوو پێمان دەڵێن کە لە هەردوو حاڵەتی جەنگی یەکەمی جیهانی و جەنگی دووەمی جیهانی رووسیا، تەنانەت بە هێزی لەشکریشەوە، هاتە ناو ئێرانەوە و بەمەش کاریگەری راستەوخۆشی خستە سەر چارەنووسی ئەو وڵاتە.

گرنگیی باسکردنی ئەم خاڵە بە تایبەتی لەوەدایە کە بە ئەگەری زۆر ئەمریکا وەک حاڵەتی عێراقی دوای سەدام بە توندی و بە هێزی سەربازیی و توانایەکی ئابووریی یەکلاکەرەوە بەرپرسیارییەتی پاراستنی ئێران و بەشداربوونی چالاکانە لە سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئێراندا ناکات. ئەمریکا لە عێراقدا، جگە لە ئامادەیی سەربازیی، چەند تریلیۆن دۆلارێکی سەرف کرد لە پرۆژەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی عێراق. جا پرسیار ئەوەیە ئایا، لە حاڵەتی دارمانی ئێران، ئەگەر ئەمریکا ئەرکی دەستگرتن بەو وڵاتەوە، بە مەبەستی پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەوە (هەر وەک لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا کردی)، **نەخاتە** سەر شانی خۆی، ئایا کام زلهێزی جیهانی ئامادەیە ئەو کارە بکات؟ بە هەر حاڵ ئەوە باسێکی ترە کە ئەمریکا، وەک کاردانەوە و بە مەبەستی رێگا گرتن لە هاتنە ناوەوەی روسیا لە ئێران و لە ترسی هەژموونی روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە توندی بێتە ناو ئێرانەوە[12]؛

٢) لە رووی ئەو کێشانەی کە دەکرێ لە ئێرانێکی روخاودا بەرەورووی کورد ببنەوە ئەوەیە کە جگە لە ئەگەری بەرەورووبوونەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی لە تەهران، بەرەورووبوونەوەیەکی دیکەش بەرۆکی کورد بگرێ، کە ئەویش ململانێیە لە نێوان کورد و ئازەرییەکان، وە دەکرێ لەم ململانێیەدا فاکتەری تورکیا بێتە ناوەوە، وەک پشتگیرێک بۆ داواکاری و هەڵوێستی ئازەرییەکان. لە راستیدا دەکرێ ئەم پشتگیرییەی تورکیا زۆر زیاتر بێ لەوەی کە تا ئێستا بە تورکمانەکانی عێراق و کوردستانی کردووە. دەکرێ تورکیا ئەم دەستوەردانە بە بەهانەی پاراستنی ئازەرییەکان بکات، تەنانەت ئەگەر بێت ئەم دەستوەردانە لەسەر داوای ئازەرییەکانیش نەبێت.

---

11 دەکرێ **گوتنی نا** بۆ بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١١ بۆ بەکاربردنی هێز لە سوریا، هاوشێوەی بڕیاری ژمارە ١٩٧٣ی کە پێشتر، هەر ئەو ساڵە، بۆ "پاراستنی مەدەنییەکان" لە لیبیا درابوو، خاڵێکی وەرچەرخان و یەکلاکەرەوە بێت لە کۆتاییهێنان بە رۆڵی پێشەنگی و سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ سیستمی جیهانی، کە لەگەڵ کۆتییهاتنی جەنگی سار دەستیپێکرد. ئەمریکا زۆر مەبەستی بوو بڕیارێک، لە جۆری ئەو بڕیارەی کە بۆ لیبیا درابوو، بۆ سوریاش دەربچێت، بەڵام چین و روسیا بە پێداگیرییەوە دژی ئەم خواستەی ئەمریکا وەستانەوە، بەمەش بە ئەمریکا گوترا "ئێتر تۆ تاکە سەرکردەی سیستمی جیهانی نیت". بۆ بڕیاری ژمارە ١٩٧٣ی ئاداری ٢٠١١ دەربارەی لیبیا بڕوانە:
https://www.unocha.org/story/libya-security-council-adopts-resolution-1973-2011 دەستگەیشتن ٦-١٠-٢٠٢٢

12 ئەزموونی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەر لە ساڵی ١٩٤٢ (واتە کەم یا زۆر ساڵێک دوای ئەوەی کە ئێران لە لایەن بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەتەوە داگیرکرا) ئەمریکاش، بە بەهانەی پاراستنی هێڵی شەمەندەفەر لە ئێران، هێزەکانی خۆی (٣٠ تا ٣٥ هەزار سەرباز) لە ئێران جێگیر کرد. بەڵام لە راستیدا ئەم هەنگاوەی ئەمریکا زیاتر مەبەستێکی درێژخایەنی لە پشت بوو، ئەوەیش ئەوەبوو کە ئەمریکا دەیخواست بەو ئامادەییە سەربازیەی ئەو پشت راستییە بە دەست بهێنێت کە هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت دوای تەواوبوونی جەنگ لە ئێران نامێننەوە و ئەو وڵاتە بەجێدەهێڵن.

هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێین کە شێوەیەکی تر لە دەستتێکەڵاوکردنی تورکیا لە پێشوەچوونەکانی ئێران، لە حاڵەتی دارمانی ئەو وڵاتە، بە ئەگەری زۆر بە بەهانەی لێدانی پەکەکە و هێزە لایەنگرەکانی بێت، کە لەم حاڵەتەدا پڕاکە، هەر وەک چۆن هەڵوێستێکی ئەوها دوژمنکارانەشی هەبووە روو لە رۆژئاوای کوردستان؛

٣) **دەربارەی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و سیناریۆکانی بەردەمیان:** جارێ سەرەتا، بە بەراورد لەگەڵ باشوری کوردستان دوای قەیرانی کوەیت و راپەرینی بەهاری ١٩٩١، دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئەو دەرفەتەی بۆ پارتی و یەکێتی هەڵکەوت بۆ ئەوەی بە زوویی و بە توندی هەژموونی خۆیان لە باشور بسەپێنن، بۆ هێزەکانی رۆژهەڵات دۆخەکە بە هەمان شێوە لە ئارادا نابێت، واتە ئەو ئاسانە نییە، ئەگەرچی وێنەی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات کەمێک گۆڕانکاری پۆزەتیڤی بەسەردا هاتووە لەگەڵ **یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان**. لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر پێشبینی جۆرێک لە پاشاگەردانی یا لە باشترین حاڵەتدا **فرەمیحوەرییەکی** پڕ لە ململانێ دەکەم لە کاتی روخانی رژێمی تەهران، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەم خاڵانە: أ) ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەرەوەی هەژموونی هێزە سیاسییە تەقلیدی (سوننەتی)یەکان، کۆمەڵگەیەکی گەوهەری هەیە کە بە ئاسانی بە دەسەڵاتی ئەم حزبانە رازی نابێت. لە راستیدا هەندێک جار تەنانەت باس لەوەش دەکرێ کە کۆمەڵگەی رۆژهەڵات و تاکی کورد لەو بەشەی کوردستان تێپەڕیشیان کردووە لە حزبە تەقلیدییەکان، یا بە واتایەکی تر، لە رووی باوەڕ و ئاگایی سیاسییەوە، کۆمەڵگە و تاکەکان حزبە تەقلیدییەکانیان جێهێشتووە؛ ب) ئەگەری ئەوە بەهێزە کە هەر لە سەرەتاوە پەکەکە بە هەموو توانایەوە، بە تایبەتی لە رێگەی پژاکەوە، ببێ بە ئەکتەر و فاکتەرێکی سەرەکی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوەش هەر نەبێ دوو لێکەوتەی زۆر جدی، تەنانەت مەترسیداریشی، لێ دەکەوێتەوە: **یەکەم**، ئەم تێکەڵاوبوونەی پەکەکە یەکسەر تورکیا بە شێوەیەکی زۆر نیگەتیڤانە بە پێشوەچوونەکانی رۆژهەڵاتەوە پەیوەندیدار دەکات. ئەمەش وا دەکات، بە پێچەوانەی حاڵەتی باشوری کوردستان، هەر لە سەرەتاوە تورکیا ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی لە گۆڕینی ئاراستەی رووداوەکان لە زیانی کورد و دۆزەکەی لە رۆژهەڵات و ئێران. پێویستە ئەوەش بە بیر بهێنمەوە کە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانییدا تورکیا ئەوەندە نیگەران بوو بە بوونی لەشکری سوری سۆڤیەتی لە بەشێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان وە نیگەرانی ئەو وڵاتە کە دواجار کورد لەو بەشەی کوردستان، بە یارمەتی یەکێتی سۆڤیەت، دەبن بە دەوڵەت. ئەم نیگەرانییەی تورکیا لە ساڵی ١٩٤٣ گەیشتە رادەیەک کە دواجار تورکیا هەر دوو زلهێز (بەریتانیا و ئەمریکا) ئاگادار بکاتەوە کە ئەگەر سۆڤیەت دەست هەڵنەگرێ لە یارمەتیدانی کورد لە ئێران، ئەوا تورکیا ناچار دەبێت ببێتە بەشێک لە جەنگ و بچێتە پاڵ ئەڵمانیا و ئیتالیا و یابان دژ بە هاوپەیمانان؛ **دووەم**، ئەگەر لە رووی ئادیۆلۆژییەوە، هەر لە سەرەتاوە، پەکەکە هەوڵی ئەوە بدات کە ئاراستەی ئەوەی پێی دەگوترێ "برایەتی گەلان" و "کۆنفیدراڵی دیموکراتیک" ببێ بە ئاراستەی باڵادەست لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوا بە ئاسانی جۆرێک لە فرەئاراستەیی و فرەمیحوەری ئایدیۆلۆژی لەو بەشەی کوردستان دێتە گۆڕێ کە دواجار، جگە لە پەرتەوازەیی لە

گوتاری سیاسیدا روو لە دەرەوە، ئەم فرەئاراستەییە دەبێتە هۆی ململانێیەکی قوڵ و جددی کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات پەرتەوازە دەکات.

ئەوەی پێشبینی دەکرێ لە سبەینیی ڕۆژهەڵات، دوای بارودۆخی گریمانەکراوی ڕووخانی ڕژێم، ئەوەیە کە، لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، هەر نەبێ سێ ئاراستەی سەرەکی دێنە گۆڕێ: یەکەم، ئاراستەی فیدراڵیزم؛ دووەم، ئاراستەی سەربەخۆیی کە، بە ئەگەری زۆر، ڕیفراندەم وەک ئامراز دەهێنێتە پێشەوە؛ سێهەم، ئاراستەی برایەتی گەلان و کۆنفیدراڵی دیمۆکراتیک. بە دووریش نازانرێت، جگە لەم سێ ئاراستە ئایدیۆلۆژییە، کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێ بە فاکتەرێکی گرنگ وە هەندێک لە کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببن بە بنەمای ڕاگەیاندنی حزب و ڕەوتی نوێی سیاسی جیاوازتر، کە دەکرێ بە زەرورەت بە ئاسانی نەچنە ژێر بار و سێبەری هیچ کام لەم سێ ئاراستە سەرەکییە.

٤) **لە ئاستی جیۆپۆلیتیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:** ساڵانێکە ئێران بۆتە داینەمۆ و ناوەندی ئەوەی پێی دەگوترێ هیلالی شیعی وەیا، بە دەستەواژەیەکی تر، میحوەری مقاوەمە. ئەم هیلال و میحوەرە لە ئێرانەوە دەستپێدەکات وە لە ڕێگای حزبوڵڵای لوبنانییەوە لەسەر سنووری ئیسرائیل کۆتایی دێت. لەم گۆشەنیگایەوە، ڕووداوێکی ئەوها، واتە داڕمانی ئێران، دەبێتە گەورەترین زەمینەلەرزە و هەڵتەکێنەری جیۆپۆلیتیکی لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بێگومان ئەم زەمینەلەرزەیە ڕەهەندی نێودەوڵەتیشی دەبێت، هەر وەک چۆن کاتی خۆی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو بە زەمینەلەرزەیەکی جیۆپۆلیتیکی ناوچەیی و جیهانی. لە سۆنگە و دیدێکی کوردستانییەوە دەکرێ ڕووداوێکی ئەوها ببێ بە گەورەترین زەمینەلەرزە لە سەد ساڵی داواییدا، تەنانەت گەورەتر لەو زەمینەلەرزە جیۆپۆلیتیکییەی کە کاتی خۆی لە قەیرانی کوەیت کەوتەوە. چونکە یەکێک کە ئەگەرەکان ئەوەیە کە کەوتنی ئێران ڕاستەوخۆ ببێتە هۆی کەوتنی شیعە لە عێراقیش، یا هەر نەبێ ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی لە هاوسەنگی هێز لە عێراقدا لە نێوان بەرەی سەر بە ئێران لە لایەک وە بەرەی دژ بە ئێران لە لایەکی دیکەوە لە قازانجی بەرەی دژ بە ئێران، ئەمەش بۆ خۆی لێکەوتەیەکی زۆری بۆ کورد دەبێت لە سەر گۆڕەپانی عێراق.

## فیدراڵی بۆ کوردستان، دیمۆکراسی بۆ ئێران: ئاستەنگ و ڕێگرییەکان

لەبەر ئەوەی کە، هەر نەبێ لە ئێستادا، ئاراستەی فیدراڵیزم ڕەوتی هەرە باڵادەستە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵ دەدەم لەم باشەی باسدا تیشکێکی زیاتر بخەمە سەر ئەم مەسەلەیە.

سەرەتا دەبێ بڵێم کە لە گفتوگۆکاندا، لە فەزای گشتیدا، دروشمی فیدراڵی بۆ کوردستان و دیمۆکراسی بۆ ئێران بە جۆرێک بانگەشەی بۆ دەکرێ وەک ئەوەی بە شێوەیەکی **بەڵگەنەویست** بەدەستهێنانی ئەم بژاردەیە ئاسان بێت، یا بێ کۆسپ و تەگەرە بێت، بەتایبەتی کاتێک ئەم بژاردەیە **لەگەڵ بژاردەی سەربەخۆییدا بەراورد** دەکرێت.

لەبەرامبەردا هەوڵ دەدەم لە ڕێگای ڕوانین لە هەندێ گۆشە و ڕەهەندی جیاوازتری دروشمی **فیدراڵیزم بۆ کوردستان وە دیمۆکراسی بۆ ئێران ئەم بەڵگەنەویستییە** بخەمە ژێر نیشانەی

پرسیارەوە، لە هەمان کاتدا ئەوەش جەخت بکەمەوە کە، هەر لە سەرەتاوە، رەدکردنەوەی بە تەواوەتی بژاردەی سەربەخۆیی وە داخستنی دەرگا بەڕووی ئەم بژاردەیە دەکرێ زیانی زۆری بۆ دۆزی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان هەبێ. پێش هەر شتێک، ئەم رەدکرنەوەیەی ئاراستەی سەربەخۆیی، بە شێوەیەکی بڕاوبڕ، هەڵوێستێکی نادیمۆکراتییانەیە و دەشکرێت لە جێگایەک و مەقتەعێکی زەمەنیدا بە شێوەیەکی زیانبەخش کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان بکات بە دوو جەمسەری دژ بەیەک. جگە لەوەش، ئەسلەن گەیاندنی ئاراستەی فیدراڵیزم بە کەناری ئارام ئەو کارە ئاسانە نییە وە ئەگەر بە فیدراڵی بەدەستیش هات، راگرتن و پاراستنی، لە رووی پراکتیکییەوە، ئەو ئاسان و بەڵگەنەویستە نییە! هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێین، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەگەرێکی بەهێز ئەوەیە دۆخەکە لە جوت جەمسەریی فیدراڵی و سەربەخۆیی دەربەچێ وە ببێ بە سێ-جەمسەری. بەم سێ-جەمسەرییەش، کە هەڵبەتە سێهەمەکەیان ئاراستەی جیهانبینی سیاسی و ئایدیۆلۆژی پەکەکەیە، ململانێ بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان و رەوایی سیاسی دۆخی ململانێ خەستتر و توندتر دەکات.

ئایا بۆ بژاردەی فیدراڵی ئاسان نییە، بەڵکو تەنانەت پڕ کێشەشە؟

١) تا ئەو جێگایەی من ئاگاداربم، تا ئێستا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە شێوەی بڕاوبڕ فیدراڵیان قەبووڵ نەکردووە. لە باشترین حاڵەتدا قسە و بڕیاری هێزە ئێرانییەکان **بۆ ئەو کاتە هەڵگیراوە کە دەسەلات دەگرنە دەست و لە دەسەلاتی خۆیان پشتڕاست دەبن،** ئەو کاتە گەوهەری بۆچوونی راستەقینەی خۆیان ئاشکرا دەکەن. بە ئەگەری زۆریش ئەو کاتە زۆر درەنگە بۆ کورد. ئەزموونی پێشتری شۆڕشی ئێرانی/ئیسلامی[13] و کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، تەنانەت ئەزموونی عێراق و باشووریش دوای کەوتنی رژێمی سەدام تا رادەیەکی زۆر، ئەم حاڵەتە پشتڕاست دەکاتەوە؛

٢) دروشمی دیمۆکراسی بۆ ئێران ئەوها مامەڵەی لەگەلدا کراوە وەک ئەوەی دیمۆکراسی بۆ ئێران بە شێوەیەکی بەڵگەنەویست کارێکی زۆر ئاسان بێت و لە کاتی بەدەستهاتنی سیستمێکی لەو جۆرەش لە ئێران مافی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان زامن کرابێ!؛

أ- بەدەستهاتنی دیمۆکراسی لە ئێران کارێکی ئەوها ئاسان نییە. جگە لەوەی کە ئێران ولاتێکی فرەنەتەوەیە، پێشتر هیچ ئەزموونێکی ئەوتۆی لە بواری سیستمی لیبرال-دیمۆکراسی نەبووە، تا رادەیەکی زۆریش کەلتوری سیاسی لەو ولاتە زۆر ئاشنا نییە بە سیستمی لیبرال-دیمۆکراسی.

---

[13] بە دەستەواژەی **شۆڕشی ئێرانی/ئیسلامی** مەبەستمە بڵێم کە شۆڕشی ١٩٧٨-١٩٧٩ لە ئێران شۆڕشی هەموو ئاراستە سیاسییەکان، زۆربەی هەرە زۆری توێژە کۆمەلایەتییەکان، نەتەوەکانی ئێران، عەلمانی و دینی و. . . هتد بوو. بەلام هەر زوو شۆڕشی ئێرانی "**دزرا**" وە ئەم دزینە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی. ساڵی ١٩٨٢ ئەم پرۆسەیەی دزینە بە ترۆپک و ئامانج گەیشت، کاتێک حزبی تودە لە دەسەلاتی نوێی ئێران دوورخرایەوە. کورد، هەر زوو لە سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا، نەک هەر دوورخرایەوە بەڵکو خرایە خەندەقی پیلانگێڕان و دوژمنکاران، بەمەش بوو بە ئامانجی هێرشێکی دڕندانە. هەڵبەتە جێگای سەرنج و بایەخە کە شۆڕشی ئێران تەنیا شۆڕش نییە کە "دزرابێ" بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی مێژوویی بەربلاوە لە بەسەرهاتی زۆرێک لە شۆڕشەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وە دیاردەکە بە "**دزینی شۆڕشەکان**" وە هەندێک جاریش "**شۆڕشە دزراوەکان**" ناسراوە.

لەوەش گرنگتر ئەزموونەکانی ئەڵمانیا و یابان دوای جەنگی دووەمی جیهانی، وە تا رادەیەکیش ئەزموونی عێراق دوای ٢٠٠٣، ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەمریکا، بە گرنگی و باوەڕێکی زۆرەوە، بەشێکی زۆری لە ئەرکی راگواستن لە رژێمی عەسکەریتاری و دکتاتۆری بۆ سیستمی پەرلەمانی و فرەحزبی لەو سێ وڵاتە گرتە ئەستۆ بۆ ئەوەش ملیارەها دۆلار، توانایەکی دیپلۆماسی بێهاوتا و هێزی سەربازی و. . . هتد، خستەگەڕ. بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین کە، لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵ و کۆشش و بەخششەشدا، ئەمریکا لە ئەزموونی عێراقدا سەرکەوتوو نەبوو. جگە لە ئەمریکاش لە عێراق نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارییەکی گەوهەری لەسەر شان بوو وە بەشدارییەکی کارای لەو پرۆسەی راگوزەرەدا کرد. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵ و کۆششەشدا، تا ئێستاش ئەزموونی عێراق دەکرێ لە هەر کاتێکدا داڕمان و شەڕی ناوخۆ و لێکترازانی خوێناوی بەخۆیەوە ببینێ. . .

بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ئەزموونانە، بە سەرکەوتوو و ناسەرکەوتو، دەکرێ بپرسین ئایا **هیچ زلهێزێکی** جیهانی هەیە کە بە هەموو هێز و توانای خۆی یارمەتیدەر بێت لە راگواستنی ئێران بۆ سیستمی پەرلەمانی و فرەحزبی؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا دەڵێم نەخێر، یا هەر نەبێ گومانم هەیە؟

ب- لەوەش گرنگتر، ئەگەر تەنانەت سبەینێ، لە ئەگەری کەوتنی رژێم و هاتنە کایەی سیستمێکی پەرلەمانی و فرەحزبی لە ئێران، ئەوا دەکرێ بە ئەگەری زۆر نەتەوەی کورد وەک کەمینە (هەڵبەتە لە رووی ژمارەوە) بە ئاسانی رووبەرووی **زۆرینەی دیکتاتۆریی** ببێتەوە. لە کۆتایی ١٩٩٠کان، وە یەکسەر دوای کەوتنی رژێمی بەعس لە عێراق، لە چەند نووسینێکمدا باسم لە مەترسی **دیکتاتۆریی زۆرینە**، لە عێراق، کردووە. . . ئەمڕۆ ئەمە لە عێراق نەک هەر مەترسییە بەڵکو لە ١٩ ساڵی رابدووی بە ناو "عێراقی نوێدا" چەند جارێک ئەم دکتاتۆری زۆرینەی عەرەبی لەناو پەرلەمانی عێراقدا بەرامبەر بە کورد خۆی نواندوە، وە لە هەندێک لەو حاڵەتانەشدا لایەنی کوردی لە پەرلەمانی عێراقدا پەنای بۆ **بایکۆت** بردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆرینەی عەرەبی لە دوای کەوتنی رژێمی سەدام لە ناوخۆیدا، هەر لە سەرەتاوە، دووچاری ململانێی نێوانی شیعە و سوننە بۆتەوە. جا لێرەدا دەکرێ مرۆڤ بپرسێ ئایا ئەگەر زۆرینەی عەرەبی لەگەڵ بوونی ئەم هەموو ململانێیەش لە ناو خۆیدا توانیبییەتی بەو رادەیە کۆک بێت دژی کورد وە **زۆرینەی دکتاتۆری** دروست بکات، ئەی ئەگەر ئەم زۆرینەیە بەردەوام لە ناو خۆیدا کۆک و روو لە دەرەوە دژی داواکارییەکانی کورد بووایە ئایا ئەو کاتە وێنە سیاسییەکە چۆن دەبوو؟

هەر ئێرەش دەرفەتە جارێکی دیکە ئەوە بە بیر بهێنینەوە کە دەیان و بگرە سەدان جار بەرپرسانی کورد لە باشوری کوردستان باسی **دیمۆکراسی تەوافوقییان** کردووە و گوایە کورد بەمەرجی تەوافوق (سازان) ئەوەی قەبوڵ کردووە کە ببێتە بەشێک لە عێراقی دوای سەدام و دەستوری عێراقیش دەستورێکی تەوافوقییە. بەڵام ئەمە **ناڕاستگۆییەکی گەورەیە**. . . ئەگەر تا ئێستا هیچ بڕیارێکی بە تەوافوق درابێ لە عێراق ئەوا ئەو تەوافوقە هی ئەمری واقیع بووە تا دەربڕی بەرجەستەبوونێکی دەستووری. لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئەو جێگایەی من گوێم لە قسە و باسی هەندێک لە بەرپرسانی حزبەکانی رۆژهەڵات بوبێت، ئەوان وا تێگەیشتوون کە گوایە

سیستمی سیاسی لە عێراق تەوافوقییە. ئەمە **هەڵە خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەزمونێکی گرنگە**، کە ئەزموونی کوردانی باشوری کوردستانە؛

٣) **فرەنەتەوەییبوون لە ئێران:** وەک پێشتر باسکرا، ئێران فرەنەتەوەترین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بە لەبەر چاوگرتنی ئەم راستییە ئایا بە چ پرۆسەیەک وە بە یارمەتی چ زلهێزێکی دەرەکی ئەم هەموو نەتەوانە بە ئاسانی **پارادایمی فیدراڵی و دیمۆکراسی** قەبوڵ دەکەن. جگە لەوەش، کێ دەڵێ هەر لە سەرەتایەکی زۆر زوودا هەندێک لە نەتەوەکانی ئێران رێگای خۆیان جیا ناکەنەوە و لە بری فیدراڵی هێڵ و بژاردەی سەربەخۆیی ناگرنە بەر؟ ئەی ئەگەر ئەمە روویدا، ئەو کاتە بژاردەی کورد، بە تایبەتی فیدراڵیخوازان، چی دەبێت؟ لەوەش گرنگتر کێ دەڵێ هەندێک هێزی سەرەکی و بە ژمارە زۆر، وەک پێکهاتەی **فارس**، هەر زوو **مەسەلەی دیمۆکراسی بە بارمتە ناگرن** و نایکەن بە چەکی دەستی خۆیان بۆ رێگریکردن لە جێگیربوونی سیستمێکی لیبرال-دیمۆکراسی راستەقینە، سیستمێک کە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان و ماف و ئازادییەکانی تاکەکان بە مەسەلەی هەرە گەوهەری و بنچینەیی دەبینێ؟ ئەمەو پرسیاری دیکە زۆرن کە دەکرێ لە نێو دێڕەکانی لێکۆڵینەوەکان لە بواری دیمۆکراسی و ئەزموونەکانی پێشوو بەدەستیان بهێنین!؛

٤) **فیدراڵی و سەربەخۆیی:** فیدراڵیخوازان هەڵەیەکی کوشندە دەکەن ئەگەر هەر لە ئێستاوە بژاردەی سەربەخۆیی رەد بکەنەوە، چونکە دەکرێ ئەم هەڵەیە، لە ئاستی **تاکتیکی** یا تەنانەت **ستراتیژیشدا**، گران لەسەر کورد بکەوێ. هەر لە ئێستاوە باشتر وایە هێزە فیدراڵیخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەربەخۆیی وەک بەشێک لە **کۆ-ئەجێندایەکی**[14] **فرەرەهەند و فرەئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی** ببینن، دەکرێ هەر بۆ خۆشیان باشتر بێت:

أ- لە کاتێکدا هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات پێداگرییەکی زۆر لەسەر دیمۆکراسی[15] لەگەڵ بەرامبەرەکەیان (یا تۆ بڵێ داگیرکاری ئەمڕۆ) دەکەن، بەڵام چۆن دەکرێ ئەوەندە **نادیمۆکرات** بن کە ئیتر تەنانەت خواستی توێژێکی بەربڵاوی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە سەربەخۆییە، لەبەر چاو نەگرن؛

---

[14] لێرەدا بە پێویستی دەزانم جیاوازی لە نێوان سێ جۆر لە ئەجێندا بکەم وە ئەم جیاوازییەش روون بەکەمەوە: ١) **ئەجێندای حزبی:** دەکرێ لە ئەجێندای هەر حزبێکدا باس لە مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بکرێ، بەڵام کە ئەم حزبە و ئەنجێنداکەی بەشێک نەبن لە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یا نیشتمانی لە شێوەی، بۆ نموونە، **بەرەیەکی نیشتمانی یا کۆنگرەیەکی نیشتمانی** (هەڵبەتە لە هەردوو حاڵەتدا کوردستانی) توکمەدا، ئەوا ئەجێنداکە **هەر بە حزبی دەمێنێتەوە**، ئەگەرچی ئەجێنداکە باسیش لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکات؛ ٢) **کۆ-ئەجێندای نەتەوەیی:** دەکرێ ئەمە لە رووی نیشتمانی و نەتەوەییەوە هەنگاوێک چوونە پێشەوە بێت، بە مانای ژمارەیەک هێز و حزب رازین لە فۆڕمێکی نیشتمانی و نەتەوەییدا ئەجێنداکانیان لە **هاوئاهەنگییەکی نیشتمانیدا کۆبکەنەوە**. لەم حاڵەتەشدا پێزانین، رێزدانان و قەبوڵکردن لە نێوان ئەجێنداکاندا هەیە وە ئەمەش جۆرە **کۆیەک** دروست دەکات کە **نەتەوەیی و نیشتمانییە**؛ ٣) **ئەجێندای نەتەوەیی:** ئەمە هەنگاوی هەرە پێشکەوتووە لە کاری هاوبەشی نەتەوەیی و نیشتمانی. لەم فۆڕمەدا حزب و هێزە سیاسییەکان، ژمارەیان هەر چەند دەبێت با ببێت، هەموویان لەسەر یەک ئەجێندا و ستراتیژی نەتەوەیی پێکهاتوون کە تیایدا تەنها **یەک دەقی نووسراو و گوتاری هاوبەش** بۆچوون و هەڵوێستی هەموویان کۆدەکاتەوە و دەردەبڕێ.

[15] لە رێنووسی کوردیدا زۆر جار کێشە دەردەکەوێت کاتێک وشەکانی دیمۆکراتی یا دیمۆکراسی وەک **ناو** یا **ئاوەڵناو** لە جیاتی یەکتر بەکاردەبرێن. لەم نووسراوەدا وشەی دیمۆکراسی وەک **ناو**، وە دیمۆکراتی وەک **ئاوەڵناو** بەکار دەبەین.

ب- دید و رامان لە سەربەخۆیی وەک بەشێک لە **کۆ-ئەجێندای نەتەوەیی**، هەر لە ئێستاوە یارمەتیدەر دەبێت، بۆ **ئاشتبوونەوەی فیدراڵیخوازان لە لایەک وە سەربەخۆخوازان لە لایەکی** دیکەوە. ئەمەش باشترین شێوازی "خۆ ئامادەکردنە" بەرەو سیناریۆکانی داهاتوو. دیوێکی دیکەی قسەکە ئەوەیە کە زۆر نادیمۆکراتیانە و بگرە لە رووی سیاسەتی کرداریشەوە، ناکارامەیی و نالۆژیکییە، کە خۆت بە حزبێکی **نەتەوەیی** و **کوردستانی** بزانیت بەڵام نەتوانی یا نەخوازی **کۆ-ئەجێندای** نەتەوەکەت ببینی، بەڵکو لەوەش خەراپتر هەوڵی ئەوە بدەیت کە بە زەروورەت ئەوانی دیکە وەک حزبەکەت بیر بکەنەوە و **دژ بە خواستی خۆیان** دروشمی حزبەکەی تۆ بەرزبکەنەوە؛

ج- زۆر گرنگ و گەوهەرییە، هەر لە ئێستاوە، وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، ئەو ئەگەرە لەبەر چاو بگیرێ کە لە حاڵەتی دارمانی سیستمی سیاسی لە ئێران، وە بە **ئەگەری زۆر لەگەڵیشیدا دارمانی بە تەواوەتی دەوڵەتی ئێران**، میللەتانی دیکەی ئێران، یا هەرنەبێ هەندێک لەو میللەتانە، هەر زوو باسی ئەجێندای سەربەخۆیی خۆیان بکەن وە تەنانەت قەبوڵی ئەوەیان نەبێت کە بێنە ژێر باری داخوازیی فیدراڵیزم و گفتوگۆ لەسەری، تەنانەت بە ئاشکراش ئەم بژاردەیە رەدبکەنەوە و دژایەتی بکەن؛

**د- باسکردن لەسەربەخۆیی پێگەی فیدراڵیخوازان بەهێز دەکات، نەک لاواز**: ئەوە رێک نەسیحەتی دیپلۆماتی ناوداری ئەمریکی و پیتەر گالبرێت[16] بوو بۆ "هەندێک" لە سەرکردە کوردەکانی باشور لە کاتی نووسینەوەی دەستوری عێراق. فۆرمولەی گالبێرت رێک ئەمە بوو: دەبێ کوردەکان مردن بە لایەنی عەرەبی پیشان بدەن بۆ ئەوەی لایەنی عەرەبی بە تا رازی ببێت؛

ت- مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی سەربەخۆیی وەک بەشێک لە کۆ-ئەجێندای نەتەوەیی[17] دەکرێ لە رووی زیهنی و پراکتیکییەوە گۆڕانکاری لە داخوازیی فیدراڵییەوە بۆ بژاردە و داخوازی سەربەخۆیی ئاسانتر بکات. گرنگە هێزە سیاسییە فیدراڵیخوازەکانی رۆژهەلات ئەو مەترسییە بە جددی وەرگرن کە دەکرێ ئەوان لە قۆناغێکدا بە هەڵە دۆخی گشتی و پێدراوە جیۆپۆلیتیکییەکان بخوێننەوە و تێگەیشتنی بۆ بکەن، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە ئەویش **ئەسیربوونیانە بۆ حاڵەتێکی**

---

[16] پیتەر گالبرێت پێشتر (لە کاتی قەیرانەکانی یوگسلاڤیا) سەفیری ئەمریکا بوو لە بەلقان وە ئەندازیاری رێککەوتنی دایتۆنە، کە کۆتایی بە، هەر نەبێ زۆرک، لە کێشەکانی بەلقان هێنا. گالبرێت پشتگیری بیرۆکەی سەربەخۆیی باشوری کوردستان بووە و خاوەنی کتێبی **(کۆتایی عێراق)**ە:
Peter W Galbraith, *The End of Iraq: How American Incompetence Created a War Without End,* Simon & Schuster, 2007.

[17] خەرابترین سیناریۆ ئەوەیە کە حزبێک یا چەند حزبێک بە یەکەوە ئەجێندا حزبییەکەیان بەسەر کۆی جوگرافیاکەدا بسەپێنن، بە بەهانەی ئەوەی کە ئەوان نوێنەرایەتی تەواوی خەڵکەکە دەکەن. بەڵام لە راستیدا ئەم حزبە، یا چەند حزبە، ناتوانن بە زەرورەت نوێنەرایەتی تەواوی پانتایی نەتەوە و بەرژەوەندییە باڵا نیشتمانییەکانی بکەن، ئەگەرچی ئەو حزب یا حزبانە لە رووی "ژمارەییشەوە" بتوانن زۆرینەیەکی سادە، یا تەنانەت رەهاش، پێک بهێنن. جا لێرەدایە کە ئەگەری بەریەککەوتنی مەترسیدار لە نێوان ئەجێندا حزبییەکاندا گریمانەییەکی کراوە و بەهێزە، ئەگەر کۆی حزب و رەوتە سیاسییەکان توانای ئەوەیان نەبێت هەر زوو جۆرێک لە هارمۆنی و هاوئاهەنگییەک لە شێوازی، هەر نەبێ کۆ-ئەجێندای نەتەوە بهێننەدی. لەم حاڵەتەشدا **کۆد و پێوەری** هەرە گرنگ و یەکلاکەرەوە، لە هێنانەکایەی تەبایی و هاوئاهەنگیی لە کۆ-ئەجێندای نەتەوەییدا، یەکێتی نەتەوە و نیشتمان و بەرژەوەندییە باڵا نیشتمانییەکانە. لەم بارەشەوە دەتوانین بە زمانێکی تر بڵێین کە دوو کۆدی هەرە گرنگ **دیمۆکراتیبوون** و **کوردستانیبوونن**، بەڵام بە شێوەیەکی بڕاوبڕ و راستەقینە، نەک هەر بە دروشم!

**فیکری کە کاتی بەسەرداچووە**[18]، هەر وەک ڕێک ئەم حاڵەتە لای سەرانی کورد ڕوویدا **کاتێک چوونە بەغدا و سەرلەنوێ دەوڵەتی عێراقیان دامەزراندنەوە، "ئەوجا داوای مافی خۆیان لەو دەوڵەتە کرد"**. بە سادەیی دەتوانین بڵێین سەرکردە کوردەکان ئەوها مامەڵەیان لەگەڵ مردوو (واتە عێراقی کۆتاییهاتوو) کرد وەک ئەوەی **ئەو مردووە هێشتان زیندو بێت!**

## دەرەنجام

ئەم بابەتە هەوڵیداوە تێگەیشتنێک دەربارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بڕەخسێنێ لە ڕێگای تیشک خستنە سەر هەندێ ڕووداو و پڕۆسەی مێژوویی و سیاسییەوە، لە چوارچێوەی پەیوەستێکی جوت-ڕەهەندیی (شاقوڵی و ئاسۆیی)یەوە. بە تایبەتی بابەتەکە، بە یارمەتی **مێتودی سیناریۆ**، هەوڵیداوە تێگەیشتنێک بۆ ئەو ئەگەرانە فەراهەم بکات کە لە پێشەوەمانن. هەرچەندە لەم باسەدا سێ ئەزموون (واتە داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی سیستمی وڵاتانی سۆسیالیستی، پارچەپارچەبوونی یوگسلاڤیا و ئەزموونی داڕمانی عێراق لە ٢٠٠٣ و لێکەوتەکانی بۆ باشوری کوردستان) یارمەتیدەرمانن بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان و خەملاندنی هەندێک **سیناریۆ**. بە هەرحاڵ فۆکەسێکی زیاتر لەسەر بەراوردە لە نێوان حاڵەتی ئێران و یوگسلاڤیا.

فرەنەتەوەبوونی ئێران یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە ئێرانی لە دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە (یا دەوڵەت-نەتەوە)وە کردووە بە **یەکەیەکی سیاسی** کە زیاتر لە ئیمپراتۆریەت بچێت تا دەوڵەت-نەتەوە، چونکە یەکێک لە خەسلەتە سەرەکییەکانی سیستمی ئیمپراتۆری **فرەنەتەوەییبوون** و **فرەناوچەبوونە**[19]. بەم واتایەش ئەوە بەس نییە کە ژمارەیەک نەتەوە لە ئێران هەبن بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە بکەن نە ئیمپراتۆریەت، بەڵکو گرنگی ئەم بوونە بۆ یەکلاکردنەوەی دوارۆژی ئەو وڵاتە لەوەدایە کە زۆرێک لەو نەتەوانە خاوەنی خاک (ناوچە – territory)ی خۆیانن. بە تایبەتیش ئەم فاکتەرە بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێت کاتێک، بە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، ناوچە ڕۆخیی یا دەوروبەرییەکان (peripheral territories) خۆیان وەک **داگیرکراو** دەبینن و دەسەڵاتی ناوەندیش وەک داگیرکار. فرەنەتەوەییبوون یەکێکە لە پێدراوە گرنگەکان کە دەتوانێ، زوو یا درەنگ، دوارۆژی ئێران دیاریبکات، هەروەک چۆن فرەنەتەوییبوونی یوگسلاڤیا، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو داڕمانی سیستم و بلۆکی سۆسیالیستی، لە پێش هەمووشیانەوە داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت، کۆتایی بە بوونی ئەو وڵاتە هێنا. دواجار ئەم وڵاتە بوو بە ٨ پارچە.

---

[18] دیاردەی "**ئەسیربوون**" بۆ دید، بۆچوونێک یا تێزێکی فیکری حاڵەتێکی مرۆییە وە لە بواری "سۆسیۆلۆژیای فیکر" بە مەسەلەیکی گرنگ دادەنرێ. ئەم دیاردەیە تەنها لە جیهانی سیاسەت و سیاسەتکردندا دەرناکەوێ، بەڵکو تەنانەت لە زانستیشدا ئەم حاڵەتی **ئەسیربوونە** بۆ بۆچوونێکی تیوری، گۆشەبینینێکی مێتۆدی یا تێزێک بوونی هەیە، ئەگەرچی ئەم بۆچوونە یا. . . هتد کاتێشیان بەسەردا چووبێ و **جێگرەوەی** باشتریشی هەبێ.

[19] لێرەدا چەمکی "ناوچە" بەکاردەبەین بە واتای ئەوەی کە ئێران لە چەند ناوچە، یا بە مانا ئێتنیکییەکەی، "**وڵاتی**" جیا جیا پێکدێت، وەک کوردستان، بەلوچستان، ئازەربایجان و. . . هتد نەک ناوچە بە واتا **ئیدارییەکەی**، کە لە حاڵەتی ئێران دەکاتە ئوستان.

جگە لە فرەنەتەوەییبوون و فرەناوچەییبوون، وەک خەسڵەتی سیستمی ئیمپراتۆری، ئێران بەردەوام کاری بۆ فراوانخوازی کردووە. ئەمەش وایکردووە ئێمە بگەین بەو دەرەنجامەی کە ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت لە دە ساڵی کۆتایی تەمەنی خۆیدا یەک دانە ئەفغانستانی لێ بووبێ بە بارگرانی، بە تایبەتی لە رووی ئابوورییەوە، ئەوا ئێران ساڵانێکە، لە چوارچێوەی پاوانخوازی و هەژموونخوازی ئیمپراتۆریدا، ژمارەیەک "ئەفغانستانی" لێبۆتە بارگرانی. لە راستیدا نەک هەر لە رووی ئابوورییەوە، بەڵکو لە رووی سیاسی، دیپلۆماسی و ئاسایشی نشتمانیشەوەشە ئەم فراوانخوازییە بۆی بووە بە کێشە و بارگرانی. ئەم حاڵەتە وایکردووە کە لە **بوونی** ئێراندا **دژایەتییەک** بە توندی کاریگەری بخاتە سەر ستراتیژی رێکخستنی فەزای کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئەم وڵاتە: لە لایەکەوە ئێران وەک "دەوڵەت-نەتەوە" لەسەر نەخشەی سیاسی و لە هەناوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بوونی هەبووە، کەچی لە لایەکی ترەوە نەک هەر زۆرێک لە خەسڵەتەکانی ئیمپراتۆریەتی تیادا هەبووە، بەڵکو بە هۆی سیاسەتی فراوانخوازی و هەژموونخوازی وەک ئیمپراتۆریەتیش دەرکەوتووە: ئەم حاڵەتە لە دژایەتی دەکرێ لە دوور مەودادا ئەم وڵاتە کلۆڵ بکات و بیخاتە بەردەم حاڵەتی دارمان و دووچاری هەڵوەشانەوە ببێ.

ئەگەرچی پێشوەچوونەکانی ئێران، یا با بڵێین راپەڕینی گەلانی ئێران، لە نزیکەی سێ هەفتەی رابردوودا بەردەوام بووە، بەڵام هێشتان نەگەشتوون بە ترۆپک (واتە رووخانی رژێم). بە هەر حاڵ، گوومانی تیادا نییە کە ئەم رووداوانە بەشی ئەوە دەکەن کە لە رووی ئەکادیمییەوە بیان خەینە ژێر رۆشنایی باس و لێکۆڵینەوە، وە لە رووی سیاسیشەوە بە جدی لە پرسیارگەلێک نزیک ببینەوە کە نەک هەر پەیوەندیدارن بە دواڕۆژی رژێم بەڵکو تەنانەت دارمانی دەوڵەت بە تەواوەتی کە دەکرێ لە سێ دانە دارمان بچێت: یۆگسلاڤیا و یەکێتی سۆڤیەت وە تا رادەیەکیش عێراق!

تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە سیناریۆکانی دوای دارمانی گریمانەکراوی ئێران (وەک وڵات)ەوە هەیە، دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە لە هەردوو حاڵەتی ئێران بە گشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، زیاتر ئەگەری حاڵەتێکی "فەوزا"[20] هەیە لەوەی کە لە ماوەیەکی کورتدا ئێران ببێتەوە بە خاوەنی دەسەڵاتی ناوەندی بەهێز و رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە مافەکانی خۆی بگات. لە ئێرانێکی داڕوخاودا نەک هەر فرە-ئەجێندایی لە ئاستی هەموو ئێراندا ئەگەرێکی زۆر بە هێزە، بەڵکو بە ئەگەری زۆر ئەم حاڵەتی فرە-ئەجێندایییە بەرۆکی کوردیش لە رۆژهەڵاتی کوردستان بگرێ! لە رووی ژینگەی نێودەوڵەتیش، ئێستای جیهان زیاتر لە خەسڵەتی نا-سیستم (disorder) و ناسەقامگیری جیهانیەوە نزیکە تا سیستمێکی جێگیر. ئەمەش خاڵێکی یەکجار گرنگە

[20] هەڵبەتە مەرج نییە بە زەرورەت مرۆڤ لە بەکاربردنی وشەی "فەوزا" (chaos) مەبەستێکی نێگەتیڤی لەو بەکاربردنە هەبێت، بەڵکو لەم حاڵەتەدا زیاتر مەبەست لە "فەوزا" نا-سیستم (disorder)ە تا هەر شتێکی تر. حاڵەتی "فەوزا" دەکرێ زۆریش پۆزەتیڤ بێت بۆ ئەو هێز و لایەنانەی کە مەبەستیانە فەوزا وەک دەرەنجامی داڕوخانی سیستمی داپڵۆسین و ستەمکاریی ببینن وە چاویان لەوە بێت لە شوێنی ئەم سیستمە ستەمکارە دۆخێکی پێچەوانە بئافرێنن، کە تیایدا خەڵک و گەلانی ئێران بە مافەکانیان دەگەن. بەم مانایەش دەکرێ حاڵەتی فەوزا نەک هەر پۆزەتیڤ بێت بەڵکو تەنانەت ئەو دەرفەتە مێژووییەش بێت کە مرۆڤ تیایدا بتوانێ ئەجێنداکانی جێبەجێ بکات بەم مانایەش دەتوانین باس لە "فەوزای داهێن" (creative chaos) بکەین!

و بەم واتایەش ئەگەری داڕوخانی ئێران نەک هەر ئەو وڵاتە لەناو خۆیدا ڕووبەڕووی فەوزا دەبێتە، بەڵکو لە ئاستی نێونەتەوەییشەوە ئەم داڕمانە لە حاڵەتێکی "فەوزای جیهانیشدا" ڕوودەدات!

لە دۆخی ئێستادا نە گەلانی ئێران بە یەکەوە توانیویانە لەسەر ڕوئیا (ڤیژن)ێک بۆ داهاتووی ئێران ڕێک بکەون[21]، وە نە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش توانیویانە لەسەر ئەجێندایەکی نەتەوەیی، یا تەنانەت کۆ-ئەجێندایەکیش ڕێک بکەون. . . بە ئاراستەی کارێکی ئەوها، ئەزموونی داڕوخانی دەوڵەتی عیراق ٢٠٠٣، وە سەر لەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق و وردەکارییەکانی ئەجێندای هێزە سیاسییەکانی باشور، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی، پڕە لە وانە و ئەزموون، کە لە حاڵەتی لێوردبوونەوەیان "بە ڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە"، دەرەنجامی زۆر بە سوودیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێهەڵێنجرێ.

---

[21] ئەگەر، بۆ نموونە، ئەم چرکەساتەی ئێستای ئێران بە مانگ و ڕۆژەکانی پێش کەوتنی ڕژێمی عێراق بەراورد بکەین، دەبینین لە حاڵەتی عێراقدا هەرنەبێ سێ گردبوونەوە و کونفرانسی گرنگی گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، لە پێش هەمووشیانە هێزە سیاسییە کوردییەکان، لە لەندەن (دیسەمبەری ٢٠٠٢) و لە مەسیف سەلاحەدین و دواتریش لە ئەمریکا ئەنجامدران. لەم گردبوونەوانەدا، کە زیاتر بە سپۆنسەر و پشتگیری، تەنانەت حزوری، ئەمریکییەکانەوە بوون، هێڵە گشتییەکانی عێراقی دوای سەدام دیاریکران، لەمانەش مەسەلەی سیستمی فیدراڵی. تەنانەت لە کۆنفرانسی لەندەن هێڵی گشتی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکانیش دیاریکرا. . . بەڵام لە حاڵەتی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هیچ پێشوەچوونێکی لەم جۆرە بەدینەکرێ؛ ئەمەش هێما و ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ماهییەتی ڕووداوەکانی ئێستا وە دەرفەتی خەملاندنی دیدێکی ڕاشکاو و جێگیر ڕوو لە داهاتوو!